عەلی حسێن: متمانەی خەڵک بە پارتی لە ئایندەدا ئەرکی سەرکردایەتی و تەواوی کادیرانی پارتی قورستر دەکات

عەلی حسێن لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندییەکان وێڕای دەستخۆشی و ستایش کردنیان، تەئکیدی کردەوە پارتی خاوەنی نەهجی نیشتمانی و پارێزەری دەستکەوتەکانی کوردستانە، بۆیە خەڵک متمانەی پێدەکات و دەنگی پێدەدات.
بۆ دەست خۆشی و لەئەرک و بەرنامەی ئەندام وکادیرانی مەکتەبی پەیوەندییەکان لە بەرێوەچوونی بانگەشەی هەڵبژاردن و سەرخستنی لیستی 184 پارتی دیموکراتی کوردستان، دوێنێ عەلی حسێن بەڕێرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی فراوانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد.
بەڕێرسی مەکتەب وێرای پیرۆزبایی سەرکەوتنی لیستی 184پارتی، پاشان ئاماژەی بەبەرێوەچونی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان و بایکۆتی پارتی لە شاری کەرکوک و نارەزایی پارتە سیاسیەکان لە سلێمانی بە کەمکردنەوەی دەنگی قەوارە سیاسیەکان بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە خرایەروو، لەم بارەیەوە باسی لە هەڵوێستی پارتی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەم پرۆسەیە کردو تەئکیدی کردەوە پارتی لەپێناو بەرژەوەندی بالای کوردستان و پاراستنی ئارامی و ئاسایش و دەستکەوتی زیاتر و سەرکەوتنی پرۆسەکەی لەهەموو ئەم خالانە پێ گرنگ تربوە، هاوکات عەلی حسێن ستایشی هەنگاوەکانی ئەندامان و کادیرانی مەکتەبی کرد کە توانیان لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن بەبەرنامەیەکی تۆکمە هەماهەنگ و هاوکاربن لەگەڵ لقەکانی سنوری هەولێر و دهۆک و سلێمانی بۆ کارکردن لەپێناو سەرکەوتنی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەروەها تەئکیدی کردەوە پارتی هەمووکات خۆی بەخاوەنی پرۆسەی دیموکراسی و پارێزەری هەموو دەستکەو پرسە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان دەزانێت و سەرۆک بارزانیش زامنی هەموو ئەو دەستکەوتانەبوە، بۆیە متمانەی خەڵک بە پارتی لە ئایندەدا ئەرکی سەرکردایەتی و تەواوی کادیرانی پارتی قورستر دەکات و دەبێت خزمەتی گەورە پێشکەش بکەن و قوربانی گەورە لەپێناو خۆشگوزەرانی جەماوەرو هاولاتیان لە هەموو کایەکانی ژیانی خەلک بدات، ئەمەش لەپێناو بەهێزی پێگەی پارتی و پاراستنی بەرژەوەندی بالای نیشتمان و خزمەتکردن بەئایندەی کوردستانە.

بەرپرسی لقی دوو: لە هەولێر دەنگ و کورسیمان زیادی کردووە

بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، هەرچەندە چەند هۆکارێک هەبوون کە پارتی لە سنووری هەولێر نەیتوانی دەنگی راستەقینەی خۆی بەدەست بێنێت، بەڵام سەرەڕای ئەمەش دەنگ و کورسییەکانی پارتی لە سنووری هەولێر زیادی کردووە. پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی ڕابردوو دەنگەکانی زیادی کردووە و تەنیا لە سنووری سلێمانی بە دەنگی ڕاستەقینەی خۆی نازانێت و سکاڵای تۆمار کردووە. بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەحمەد کانی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لە سنووری پارێزگای هەولێر دەنگی باشمان بەدەست هێناوە و بە غرووریش باس ناکەین، بەڵام پارتی دەنگی ڕاستەقینەی خۆی بەدەست هێناوە لە سنووری هەولێر، نەهێناوە لە سنووری هەولێر، هۆکارەکانیش ئەمانەن، یەکەم سیستەمی نوێی دەنگدان ڕێگر بوو دەنگدەرانی ئێمە دەنگی خۆیان بدەن و دووەم کە ڕەنگە خەڵک لای سەیر بێت، بەڵام ڕێگری لە دەنگدەرانی ئێمە دەکرا و لە دەنگدانی تایبەت لە پەیامنێری کوردستان تیڤیان دا و ئێمە هیچ ڕەتدانەوەمان نەبوو بۆ ئەوەی پرۆسەکە بە ئارامی بەرێوە بچێت، چونکە تەنیا ئارامی خزمەتی ئێمە و هاوولاتیانیش دەکات.
ئەحمەد کانی گوتی: ئەوانەی خۆیان بە ڕکابەری پارتی دەزانی هەشت ساڵە باس لەوە دەکەن پارتی لاواز دەبێت و پێگەی جەماوەری نامینێت، ئێستا پێچەوانەی هاتە دی، چونکە لە سنووری لقی دووی پارتی 5%دەنگەکانی زیادی کردووە و حەوت کورسیشمان هەبوو، بووەتە هەشت کورسی، چونکە ڕێژەی دەنگی ئێمە هەڵبژاردنی ڕابردوو 38%بوو ئێستا بووەتە نزیکەی .43% کانی ڕوونیشی کردەوە: لە ساڵی 2014دا 330هەزار دەنگدەر هەبوو، لەوانە پارتی 130هەزار دەنگی هەبوو، جگە لە دەنگی تایبەت، ئەم جارە لە کۆی زیاتر لە200 هەزار دەنگ پارتی 105 هەزار دەنگی هێناوە.

بەڕپرسێ لقێ 9: سەرکەفتنا پارتی سەرکەفتنا تەڤایا کوردو کوردستانیانە



ب هەلکەفتنا سەرکەفتنا لیستا 184یا پارتی دیموکراتی کوردستان و بۆ مەبەستا پیروزباهی کرنێ نوێنەرێن لایەنێن سیاسی ل سنورێ ئاکرێ و بەردەرەش کو پێکهاتبوون ل حزبا سوشیالیستا کوردستانێ و حزبا شیوعی یا کوردستانێ و حزبا پارێزگارێن کوردستانێ و تەخ وچینێن دەڤەرێ سەردانا بارەگایێ لقێ 9دان و زبال سەباح بەیتوللا بەڕپرسێ لقێ9 وکارگێرێن لقێ ڤە ب گەرمی هاتنە پێشوازیی کرن و وان ژی پیروزباهییێن خۆ ئاراستەیی سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان و لقێ 9کرن وهیڤیا خواست کو بهەڤرا و ب نێزیک هەلویستی و نێزیکریێ بکارین پتر خزمەتا کوردو کوردستانیان بکەین، ژلایێ خوڤە ژی بەڕپرسێ لقێ سوپاسیا بەرهەڤبوویان کرن وخویا ژی کر کو هەر ل دامەزراندنا پارتی دیموکراتی کوردستان ژیوی ئارمانجێن نەتەوی و نیشتیمانی و خزمەتکرنێ هاتیە ئاڤاکرن و دپشت راستێن ژی کو د دیرۆکا پارتی دیموکراتی کوردستانێ دا درێغییێ نەهاتیە کرن و ل ئەڤرۆ پاشڤە ژی درێغییێ ناکەتن و سەرکەفتنا پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکەفتنا تەڤایا کوردو کوردستانیانە.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٣١٥٧
بەروار: ٢٠١٨/٥/١٥
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنوردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ئازاد احمد رمضان بناء) بۆ بازرگانی گشتی و بازرکنی کەلوپەلی بیناسازی/ تاک وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە ٢١ ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بەسرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێک ئەم بڕیارە بلاوبکرێتەوە بەپێ ئەحکامی مادەی ١٦٠ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە ٢١ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٨/٥/١٥.
مافپەروەر/ دلزار اسماعیل ئەحمد
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

قایمقامی هەولێر: لە مانگی ڕەمەزاندا بەبێ هیچ زیادکردن و مۆڵەتێک خاوەن چێشتخانەکان دەتوانن خواردنگەکانیان بکەنەوە

قایمقامیەتی قەزای ناوەندیی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، لە مانگی ڕەمەزاندا سەرجەم چێشتخانەکان دەتوانن کراوە بن، باس لەوەش دەکات کە هێزە ئەمنییەکان بە دڕێژایی شەوانی ڕەمەزان چاودێریی دۆخی ئەمنیی ناوشار دەکەن.
نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر لە پرێس کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا کە تایبەت بوو بە ئامادەکارییەکان بۆ مانگی ڕەمەزان ڕایگەیاند: بەبێ هیچ زیادکردن و مۆڵەتێک کە ساڵانی ڕابردوو لەڕێگەی پارێزگاوە دەکرا، خاوەن چێشتخانەکان دەتوانن خواردنگەکانیان بکەنەوە.
ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە مەرجی کردنەوەی خواردنگەکان تەنیا داپۆشینی شوێنی خواردن و خواردنەوەکە و هێشتنەوەیەتی بە دڕێژایی ڕۆژانی جەژن لە چەند ساڵی ڕابردوودا سەرەڕای بوونی ژمارەیەکی زۆر گەشتیار لە ڕۆژانی جەژندا، گرفتی کەمیی خواردنگە لەناو شاردا هەبووە. سەبارەت بە خواردنەوە کحولییەکانیش قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر ڕوونی کردەوە: لە چێشتخانە چوار ئەستێرەیی و پێنج ئەستێرەییەکان ئاساییە، بەڵام دووکانەکان بە هیچ شێوەیەک ڕێگەی کردنەوەیان بە دڕێژایی مانگی ڕەمەزان پێ نادرێت. قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر باس لەوەش دەکات کە لێژنەکانی قایمقامیەت بە دڕێژایی مانگی ڕەمەزان چاودێریی دۆخەکە دەکەن و هەر کەس و لایەنێک ڕێنماییەکان پێشێل بکات ڕووبەڕووی سزا دەکرێتەوە.

لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز بڕە خۆراکێک دابەش دەکرێت

خەبات- سەید فاتیح

بەرزنجی: نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم ڕوونیکردەوە: لەمانگی ڕەمەزانی پیرۆز بڕبار وایە چەند بڕە خۆراکێک دابەش بکرێ وەک: 5کیلۆ ئاردی سفر بۆ هەر خێزانێک لەگەڵ دابەشکردنی بەشە ئاردی مانگانەو لە بەغداش ئامادەکاری کراوە تا بەشە خۆراکی تەواو لەو مانگە پیرۆزەدا دابەش بکرێ و لەئێستادا برنج دەنێردرێت لەگەڵ دابەشکردنی ڕۆن و شەکر. هەروەها گوتی: هەرچەندە عێراق بەشە خۆراکی پێویست ڕەوانە ناکات هیوادارین ئەو بەشە خۆراکەی کە بەغدا دەینرێت بە ڕێک و پێکی ڕەوانەی بکات کوالیتی باش بێت هاوولاتیان گلەییان لەو خۆراکە نەبێت.

هەولێر... بە داشکاندنی نرخی خواردن و خواردنەوەکان پێشوازی لە مانگی ڕەمەزان دەکرێت

ڕەمەزان لە ئایینی ئیسلام یەکێکە لە مانگە پیرۆزەکان و تایبەتمەندی لای موسڵمانان هەیە، تێیدا موسڵمانان بە ڕۆژووەبن و یەکێک لە ئەرکانەکانی ئایینی ئیسلام جێبەجێدەکەن.
خۆراکە وشکەکان وەک برنج و پاقلەمەنییەکان و هەروەها گۆشت، شیرینی، خورما، شەربەت و ترشیات ئەو خواردن و خواردنەوانەن لە مانگی ڕەمەزاندا زۆرترین خواستیان لەسەرە. فرۆشیاران ئەوە ناشارنەوە، کێ نرخەکانی کەمتربێت پارەی زیاتری دێتە باخەڵەوە، بۆیە ئەوانیش ڕەچاوی باخەڵی خەڵک و کەمی مووچەیان کردووە، بۆیە خاوەن مارکێت و کۆگاکانی شاری هەولێر بە داشکاندن نرخی خواردن و خواردنەوەکان پێشوازی لە مانگی ڕەمەزان دەکەن و بۆ ڕووداو دەڵێن، لەو مانگەدا داواکاری لەسەر خواردن و خواردنەوەکان زۆر دەبێت بەتایبەتی ئەو خواردنانەی تایبەتن بەو مانگە وەک خورما، گۆشت، شەربەتی مێووژ، شیرنەمەنییەکان، پەنیر، هێلکە و میوە. لێژنەکانی چاودێری بازاڕ لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان کارەکانییان چڕکردووەتەوە و لە مانگی ڕەمەزاندا پلانیان بۆ چاودێری نرخەکان لە بازاڕەکان داناوە، هۆشداریش دەدەنە بازرگانان و فرۆشیاران سزای بەرزکردنەوەی نرخەکان لەو مانگەدا دوو هێندە دەبێت. نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر بە وەکالەت دەڵێت بازرگانان ئاگادارکراونەتەوە لەم مانگەدا خواردن و شتومەکی زیاتر هاوردەی بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی هیچ کەسێک نەتوانێت بە بیانووی کەمی خۆراک و شتومەک نرخەکان بەرزبکاتەوە.
ڕەمەزان لە ئایینی ئیسلام یەکێکە لە مانگە پیرۆزەکان و تایبەتمەندی لای موسڵمانان هەیە، تێیدا موسڵمانان بە ڕۆژووەبن و یەکێک لە ئەرکانەکانی ئایینی ئیسلام جێبەجێدەکەن.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٣٠٥٦
بەروار: ٢٠١٨/٥/١٥
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنوردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کۆمتێل COMTEL) بۆ بازرگانی گشتی و بازرکنی کەلوپەلی وردو مۆبایل/ سنوردار وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە ٢١ ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بەسرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێک ئەم بڕیارە بلاوبکرێتەوە بەپێ ئەحکامی مادەی ١٦٠ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە ٢١ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٨/٥/١٥.
مافپەروەر/ دلزار اسماعیل ئەحمد
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٣١٥٦
بەروار: ٢٠١٨/٥/١٥
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنوردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (النهر) بۆ بازرگانی گشتی و کەلوپەلی یەدەگی ئۆتۆمبێل/ سنوردار وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە ٢١ ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بەسرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێک ئەم بڕیارە بلاوبکرێتەوە بەپێ ئەحکامی مادەی ١٦٠ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە ٢١ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٨/٥/١٥.
مافپەروەر/ دلزار اسماعیل ئەحمد
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان